# چاوەڕێی ئەزموونێکی دیکەی سەرکەوتووین

یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی سەرکردەی هاوچەرخ، بوونی ڕۆحی دیموکراسیخوازییە لە بڕوا و کرداریدا، سەرکردەی دیموکراتخواز دەخوازێت هەموو ئەندامانی دەستەکەی لە پلاندانان و بڕیاردان و ئەنجامدان بەشداربن، ئەگەر چاوێك بە کابینەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بخشێنین، کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرکردایەتی کردوون و، وتەی خودی وەزیرەکان بە بەڵگە بهێنینەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، وەك سەرکردەیەکی دیموکراتخواز بە ڕۆحی هەماهەنگی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی کاری کردووە و بەرژەوەندیی باڵای کوردستانی لە پێش هەر مەبەستێکی دیکە داناوە، ئەم تایبەتمەندییە لە پاڵ ئەزموونی دەوڵەمەندی لە دەوڵەتداری و دونیابینی و بیرچاکی و گوتارجوانی و کردارباشی بەڕێزیان وەك سەرکردەیەکی نوێگەر و یەکسانیخواز و خاوەن دیدی ڕوون بۆ سیاسەت و دەوڵەتداری و خوێندنەوەی واقیعی بۆ کێشە و ڕێگاچارەکان، هۆکاری سەرکەوتنی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-ن، لە سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و گواستنەوەی هەرێمی کوردستان بۆ هەرێمێکی پێشکەوتوو و ئاوەدان و گەشەسەندوو لە ناوچەکەدا.

سەرکردەی دیموکراتخواز دەخوازێت هەموو ئەندامانی دەستەکەی لە پلاندانان و بڕیاردان و ئەنجامدان بەشداربن

لە ئێستاشدا کە بەڕێزیان لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان متمانەی پێدراوە، جێی خۆیەتی وەك ئەرکێکی سەرشانمان تیشك بخەینە سەر لاپەڕە زێڕینەکانی ئەزمونی دەوڵەتداری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، لەم هەرێمە دەورەدراوە بە نەیاری مێژوویی و لە نێو ولاتێك (عێراق) کە هەرگیزماڵێکی سیاسی و نیشتمانی نەبووە بۆ کۆکردنەوەی هەموو پێکهاتەکانی. ئەگەر لە چەندین وێستگەی جیاواز و لە هەندێك بواری جۆراوجۆر لە ئەزموونی دەوڵەتداری بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوانین و بارودۆخی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ناوخۆیی و کاریگەرییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان لەبەرچاو بگرین؛ دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، نەوەك هەر سەرکەوتوو بووە لە ئەرکەکەی وەك سەرۆکی حکومەتی هەرێم؛ بەڵکو دیاردەیەکی جیاواز بووە لە پێشکەشکردنی ئەزموونی دەوڵەتداری لە ناوچەکەدا، ئەمەش کە دەیڵێین بەرچاو و سەلمێنراوە. حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی بەڕێزیان ئەزموونێکی سەرکەوتوو بووە بە زۆربەی پێوەرەکان، حکومەت هەندێك جار هەنگاوی بنەڕەتی و هەندێك کاتیش هەنگاوێك کە پێشتر لە وێنەی نەبووە لەم ناوچەیەدا ناوە، بۆ نموونە کارکردن لەسەر پرسی ئافرەت.

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، وەک سەرکردەیەکی دیموکراتخواز بە ڕۆحی هەماهەنگی و بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی کاری کردووە و بەرژەوەندیی باڵای کوردستانی لە پێش هەر مەبەستێکی دیکە داناوە

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرکەوتوو بوو لە سەرۆکایەتیکردنی حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان-ی دوای شەڕی ناوخۆ، کە سەختترین و قورسترین هەلومەرجە لەهەر



د. ڤیان سلێمان

وڵاتێکدا. بەڕێزیان سەرکەوتوو بوو لە دەربازکردنی هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی هەرەمەترسیدار کە قۆناغی دوای خیانەتی شانزەی ئۆکتۆبەر بوو. کاتێك پانۆرامای تەنگژە سیاسییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان دەهێنینە پێش چاوی خۆمان، ڕۆڵی ئاشتیخوازیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-مان بە ڕوونی بۆ دەردەکەوێت. کاتێك پەیوەندییە دیپلۆماسییەکانی هەرێمی کوردستان و وڵاتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان دەبینین، دیپلۆماسیەتی سەرکەوتووی نێچیرڤان بارزانی وەك خۆر دەدرەوشێتەوە. کە بینیمان زۆرینەی لایەن و هێزە ناوخۆییەکان پشتیان لە حکومەتی هەرێم کرد، ئەمە لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان تەنراوە بە وڵاتانێك کە هەمووکات لە هەوڵدا بوون بۆ لاوازکردن و نەهێشتنی قەوارە سیاسییەکەی، دەبینین کە پەیڕەوکردنی میتۆدی سیاسەتی نەرم و دیپلۆماسیەتی نێچیرڤان بارزانی فاکتەری سەرەکیی مانەوەی هەرێمی کوردستان بووە.

هەنگاوەکانی حکومەتی هەرێم بە ئاراستەی ئەو بنەما سەرەکییانەی کە لە جیهانی ئازاد پێوەرن بۆ حکومەتی هاووڵاتی و کۆمەڵگەی دیموکراتی. برەودان بە فرەیی و لێبوردەیی و هاوسەنگی لە نێوان چین و توێژ و پێکهاتە ئایینی و ئیتنییەکان. پەیڕەوکردنی سیاسەتی ئابووری سەربەخۆ و دانانی پلانی ستراتیژی و ئامانجی دوورمەودا لە پشت سیاسەتی دەرهێنان و ناردنە دەرەوەی نەوت لە پێناو باشترکردنی بژێوی و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەرانی کوردستانیان. بونیاتنانەوە و ئاوەدانی و گەشەسەندنی هەمەلایەنە، لە هەمووی گرنگتر کارکردن لەسەر پرسی ئافرەت و ئەو بەرەوپێشچوونانەی کە لەم پرسە هەستیارەدا بەدیهاتوون. بە بیرکراوەیی و ئازایەتی گرتنەبەری قورسترین هەنگاو بە ئاراستەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی ئەو بیر و تێگەیشتنە دواکەوتووانەی کە هۆکار بوون بۆ پەراوێزخستن و ستەمکردن لە ئافرەت، هەموویان خاڵە درەوشاوەکانی ئەزموونی دەوڵەتداریی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-ن.

ئەو پێشوازییە گەرمە ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەی، کە لە هەڵبژاردنی بەڕێزیان بە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرا، پیشانی دەدات تا چەند سیاسەتی ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، لە بەڕێوەبردنی پێشهات و قەیرانە سیاسییەکان و گۆڕانکارییە نێودەوڵەتییەکان، جێی دڵنیایی و پەسەندی وڵاتانی جیهان و چاوەڕوانی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بووە، بۆیە بەوپەڕی گەشبینییەوە چاوەڕێی ئەزموونێکی دیکەی سەرکەوتووی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-ن وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان، لە قۆناغێکی پڕ ئالەنگاری سیاسی و کراوە بەرەوڕووی ئەگەرەکانی پێشکەوتن و گەشەسەندن و سەقامگیری بۆ بونیاتنانی کوردستانێکی بەهێز.

**پەیڕەوکردنی میتۆدی سیاسەتی نەرم و دیپلۆماسیەتی نێچیرڤان بارزانی فاکتەری سەرەکیی مانەوەی هەرێمی کوردستان بووە**

**بیرکراوەیی و ئازایەتی گرتنەبەری قورسترین هەنگاو بە ئاراستەی ڕیفۆرمی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی ئەو بیر و تێگەیشتنە دواکەوتووانەی کە هۆکار بوون بۆ پەراوێزخستن و ستەمکردن لە ئافرەت، لە خاڵە درەوشاوەکانی ئەزموونی دەوڵەتداریی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی-ن**

# خانمانی کوردستان بۆ دەستەبەری زیاتری مافەکانیان پشتیوانیی دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی دەکەن



**نێچیرڤان ئیدریس بارزانی، دوای ئەزموونی سەرکەوتووی چوار کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پۆستی سەرۆك وەزیراندا، لە ئێستادا سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و ئەرکێکی قورستر لە قۆناخێکی نوێی پرۆسەی حوکمڕانیی کوردستاندا پیادە دەکات. پشتیوانیی بەهێزی سەرۆك بارزانی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەرمەی حوکمڕانانی بەغدا و نوێنەرانی وڵاتانی ناوچەکە و جیهان لە ڕێوڕەسمی سوێندخواردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا جێی تێڕامانە و بێگومان هۆکاری سەرەکیشی بۆ ئەزموونی سەرکەوتووی دەوڵەتمەدار نێچیرڤان بارزانی دەگەڕێتەوە، کە بە بەکارهێنانی هێزی نەرم لە ناوخۆدا کوردستانی لە دژوارترین قەیرانەکان رزگار کردو بە سیاسەتی حەکیمانە وەرچەرخانی لە دیپلۆماسیی گرژی دژی حکومەتی هەرێمدا دروست کردووە. هەروەها هەوڵەکانیان بۆ چەسپاندنی یەکسانی و دیموکراسی و ئاوەدانی و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان و دەستەبەری مافەکانی ئافرەتان، بەشێك لە کارنامەی درەوشاوەی دەوڵەمەتدار نێچیرڤان بارزانی پێکدەهێنن، خانمانی کوردستانیش پشتیوانیی خۆیان بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەردەبڕن و بەمجۆرە راو سەرنجی خۆیان بۆ گۆڤاری گوڵان دەخەنەڕوو.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



سەرەتا د. ئەشواق جاف ئەندامی خولی سێیەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، باسی ئەوە دەکات: «پرسی یەکسانی و پاراستنی مافەکانی ئافرەتان بە یاسا قسەی زۆری لەسەر کراوە، تەنانەت رێکخراوەکانی ئافرەتانیش کاری زۆریان لەسەر ئەم مەسەلەیە کردووە. بۆیە ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانی کوردستان کە لە بەرژەوەندیی ئافرەتان دەرچوون، یان هەمواركراونەتەوە، مایەی شانازین بۆ تەواوی ئافرەتانی کوردستان.» هاوکات دەڵێت: «ئێمە کاتێك لە پەرلەمانی عێراق لەسەر یاساکانی تایبەت بە ئافرەت کارمان دەکرد، بەردەوام یاساکانی هەرێمی کوردستانمان وەکو نموونەیەکی باش دەخستەڕوو و پیشانی ئەوانمان دەدا، هەروەها داوامان لە پەرلەمانی عێراق دەکرد، ئەو یاسایانە لە ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق کاری پێ بکرێت و یاساکان بەم شێوەیە هەموار بکرێنەوە، نموونەی یاسای کوشتن بە بیانووی شەرەف، لە کوردستان ئەنجامدەرانی بە تاوانبار هەژمار دەکرێن، بەڵام لە یاسای عێراقی ئەو کەسە تاوانبار نییە و کەیسەکە بە پاککردنەوەی شەرەف دادەندرێت، ئەو یاسایە و تەواوی یاساکانی دیکەی هەرێمی کوردستان دەستکەوتێکی گەورەی خانمانی کوردستانە». گوتیشی: «ئەو خزمەتانەی بەڕێز کاك نێچیرڤان بارزانی لە رابردوودا پێشکەشی ئافرەتانی کردووە بۆ دەستەبەری مافەکانیان، کەم نین و جێگەی دەستخۆشییە،بەتایبەتی کە بەڕێزیان پشتیوانێکی گەورەی چەسپاندنی مافەکانی ئافرەت بوون. لەلایەکی دیکەوە داواکارم لە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان پرۆژەی دابینکردنی یەکەی نیشتەجێبوون بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە کرێچین، لە رابردوودا پێشکەشم کرد، ئەنجومەنی وەزیرانیش پەسەندی کرد، وەکو قۆناغی یەکەم بۆ شەهیدانی شەڕی داعش یەکەی نیشتەجێبوون دابین کرا، هیوادارم پڕۆژەکە بە تەواوی بخرێتە واری جێبەجێکردنەوە، کە ئەوەش دواجار خزمەتێکە بۆ ئافرەتان، چونکە کاتێك خێزان پێداویستییەکانی دەستەبەر دەبێت، کاتێك خێزان بەهێز و دامەزراو دەبێت، ئافرەتیش ئاسوودە و پارێزراو دەبێت.»

فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئۆفیسی ئەورووپای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، لە دەستپێکی وتەکانیدا جەت لەوە دەکاتەوە کە «چەندین ساڵ سەرۆکایەتیی هەرێم لەلایەن رابەر و مەرجەع و سەرۆکی کورد سەرۆك مسعود بارزانی سەرۆکایەتی کراوە و لە ئاستی ناوخۆ و جیهانیدا رۆڵی جەنابیان زۆر بەرچاو و سەرکەوتوو بووە. سەرۆك بارزانی



د. ئەشواق جاف:

**یاسای کوشتن بە بیانووی شەرەف، لە کوردستان ئەنجامدەرانی بە تاوانبار هەژمار دەکرێن، بەڵام لە یاسای عێراقی ئەو کەسە تاوانبار نییە و کەیسەکە بە پاککردنەوەی شەرەف دادەندرێت**



نەرمین سندی:

**ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە ئەزموونی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پرسی ئافرەت لە بابەتە بایەخدارەکانیان بووە**

هەرێمی کوردستانی بە ئاراستەی سەربەخۆیی و کوردستانێکی بەهێز و نێودەوڵەتی برد. کوردستان لە سایەی سیاسەتی حەکیمانەی بەڕێزیان سەروەری و سەرکەوتن و دەستکەوتی زۆری بەخۆوە دیت. هەروەها بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەو ساڵانەی کە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوون، خاوەنی ژمارەیەك دەستپێشخەریی گرنگ و ستراتیژی بوون، دامەزرانی بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتمەند بۆ بەرنگاربوونەوەی توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان یەکێکە لەو دەستپێشخەرییانەی بەڕێزیان و کۆی کار و بەرنامەکانیشیان لە بواری پرۆژەکانی ئاوەدانی و خزمەتگوزاری و زاڵبوون بەسەر قەیرانی داراییدا جێی دەستخۆشین، بەتایبەتی چارەسەری قەیرانی دارایی کە هەرێمی کورستان لە ساڵی ٢٠١٤وە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە بە شێوەیەکی دوور لە بەهاکانی مرۆڤایەتی ڕووبەڕووی بووەوە.» هاوکات دەڵێت: «بە بۆنەی دەستبەکاربوونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی بەڕێزیان و هەموو گەلی کوردستان دەکەم و دڵنیام کوردستان لە چوارساڵی داهاتوودا پێ دەنێتە قۆناغێکی نوێ و بەرەو یەکڕیزی و تەبایی زیاتر و پێشکەوتنی بەرچاو دەڕوات، بێگومان یەکڕیزی و تەبایی زەمینەیەکی زۆر لەبار دروست دەکات بۆ خولقاندنی تاك و کۆمەڵگەیەکی کارا و نیشتمان لە توندوتیژی و ناتەبایی دوور دەخاتەوە. بێ شك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەك هەمیشە پشتیوانێکی گەورە دەبن بۆ بەشداریی ئافرەت لە کاروباری سیاسی و زەمینەی زیاتر بۆ دروستبوونی ئافرەتی سەرکردە دەڕەخسێنن. هەروەها لە ماوەی ڕابردووش شاهیدی ئەوە بووین، هەوڵەکانی کاك نێچیرڤان بارزانی بە ئاراستەیەك بووە کە بە شێوەیەکی فعلی پێگەی ئافرەت لە کۆمەڵگەدا بەهێزتر بێت. بۆیە گەشبینین کە دەرفەتی زیاتریش بە هاتنە پێشەوەی ئافرەتان دەدرێت و مافەکانیان پارێزراو دەبێت و فەرامۆش ناکرێن. دڵنیان لە جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی کە لە بەرژەوەندیی ئافرەتان هەموار کراون، یان دەرچوون. هەروەها لە نوێکردنەوە و داڕشتنی ئەو یاسایانەش کە خزمەتی یەکسانی و جێندەر دەکەن، گومانمان نییە. بۆیە وەك ئافرەتانی کورد چ لە کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان پشتیوانیی خۆمان بۆ ڕێزدار سەرۆکی هەرێم و بەرنامەکانیان بۆ پێشخستن و سەرخستنی کوردستان چەند بارە دەکەینەوە.»

نەرمین سندی ئەندامی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەی ئەکادیمیای پارتی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «وەك کوردستانییەك پیرۆزبایی لە سەرۆکی نوێی هەرێمی کوردستان ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی دەکەم و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لەم بەرپرسیاریەتییە هەستیارەدا. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی جێگەی هیوان بۆ گەلی کوردستان و قۆناغی داهاتووی کوردستان و تەواوکەری ڕێبازی جەنابی سەرۆك بارزانی دەبن ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان مسۆگەر دەکەن، پشتیوانێکی گەورەش دەبن بۆ دامەزرانی حکومەتێکی بەهێز کە ڕێزدار مسرور بارزانی بە ئەزموونی سەرکەوتوویان سەرۆکایەتی ئەو حکومەتە دەکەن.» گوتیشی: «وەك ئافرەتێك ئومێد و چاوەڕوانییەکی پڕهیوام هەیە کە لەم پێگە باڵایەی هەرێمەکەماندا کارامەیی خۆیان دەکەنە پاڵپشتی گەورە بۆ پرسی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان و لە پرسە پڕ بایەخەکانیان دەبێت. ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی لە ئەزموونی سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا پرسی ئافرەت لە بابەتە بایەخدارەکانیان بووە، لەم پێگەیەشیاندا لێیان دەخوازین کە بەهەمان ستراتیژ و هزری گەش و ڕووناکیان دەربارەی مافی مرۆڤ بەگشتی و مافی ئافرەت و منداڵ بە تایبەتی کاری لەسەر بکەن.» جەختی لەوەش کردەوە کە «ئافرەتی کوردستانی هەڵگری پەیامی مرۆڤایەتی و ژیاندۆستییە و هەڵگری زانست و زانینە لە بوارە جیاکاندا و توانیویەتی خۆی پێبگەیەنێت، بۆیە جێگەی خۆیەتی لە شوێنی شیاو سوود لە تواناکانی ببیندرێ و باڵانسی جێندەری لە گشت پێگەکاندا ڕەچاو بکرێ و وێنایەکی گەش و سەردەمییانە پیشانی دەوروبەرمان بدەین.»

حەیات مەجید ئەندامی خولی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەکو سەرۆکی حکومەت لە کابینەی هەشت و کابینەکانی ڕابردوودا بەرامبەر بە دۆخی ئافرەتان و مافەکانیان ڕۆڵێکی جددی و بەرچاویان هەبووە و هەمیشە وتە و بڕیارەکانیان لای ئافرەتانی کوردستان جێگەی دەستخۆشی بوون.» گوتیشی: «پێویستە ئێمەی ئافرەتان بەرامبەر بەو هەڵوێست و کارە گەورانەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشکەشی چینی خانمانی کردووە، پێزانینمان هەبێت، سوپاسگوزاری ئەو گەورەمرۆڤە بین کە بەردەوام و لە هەموو بارودۆخێکدا پشتیوانی گەورەی دەستەبەری مافەکانی ئافرەت بوون، ئێستاش چاوەڕوانی زیاتریان لێدەکەین، وەك چۆن لە ڕابردوودا ئەزموونی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەلماندوویەتی کە هەمیشە لە هەموو بوارە جیاوازەکاندا پاڵپشت و پشتیوانی ئافرەتان بووە،

ئەمڕۆش هیواداریـن ئەزموونـی رابردوویـان دووبـارە بکەنـەوە و ببنـە هیوایـەك بـۆ ئافرەتانـی کوردسـتان، بەتایبەتـی لـە کاری دیپلۆماسـی، سیاسـی، حوکمڕانـی و ئیـداری. لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشـدا چاوەڕێـی زیاتریان لـێ دەکەیـن و دڵنیاشـین هـاوکار و پشـتیوانمان دەبێـت.»

ئـەو قەیرانانـەی لـە دوو سـاڵی رابـردوو روویـان لـە هەرێمـی کوردسـتان کـرد، یەکێـك لـە قۆناغـە هـەرە سـەختەکانی بـۆ حکومەتـی هەرێـم و خەڵکـی خۆڕاگـری کوردسـتان دروسـت کـرد. لەلایـەك سـزای قورسـی ئابووری لـە لایـەن بەغداوە بە بڕینی بودجە و مووچـە بـە سـەر هەرێمـی کوردسـتاندا سـەپێندرا، هـاوکات تیرۆریسـتانی دڕنـدەی داعـش پەلامـاری خـاك و خەڵکـی کوردسـتانیان دا، لەلایەکـی دیکـەوە ئـەو هێرشـە نارەوایانـەی کـە لـە هەمـوو لایەکـەوە کرانـە سـەر هەرێمـی کوردسـتان، هەروەهـا ئـەو پەرتەوازەییـەی نێوان هێزە سیاسییەکان کە زۆربەیـان بەرگـەی ئـەو دۆخەیـان نەگـرت و بەرپرسیاریەتییەکان لـە خۆیـان داماڵـی، ئەمانـە بـە تێکـڕا هۆکارگەلێـك بـوون بـۆ سـەرهەڵدانی قەیرانـەکان، لەگـەڵ هەمـوو ئەوانەشدا، چەند هەنگاوێکی دوور لە هەر عورفێکی دیموکراسـی و هـەر سیسـتەمێکی دیموکراسـی لەلایـەن عێـراق بەرامبـەر حکومەتـی هەرێـم گیرانەبـەر و هانـی دراوسـێکانیان دا سـنوورەکان لەسـەر ئێمـە دابخـەن، تەنانـەت ئاسـمانی هەرێمی کوردستانیشـیان داخسـت و پەیوەندییـە دیپلۆماسییەکانیشـیان راگـرت، بەکارهێنانـی هەڕەشـەی چـەك و هێرشـکردنە سـەر هەرێمـی کوردسـتان و لێـدان و لاوازکردنـی قـەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، هەمـوو ئەوانە هاتنەئارا و تاکـە جیهـەت کـە بەرپرسیارێتی یەکەمـی بەرامبـەر بـە بەڕێوەبردنـی وڵات هەیـە، لـە رێـزی پێشـەوەی رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو گرفتانـە بـوو، کـە حکومەتـی هەرێم بـوو، ئـەوەی کـە سـەنگ و پێگـەی حوکمڕانـی لـە کوردسـتان پاراسـت، ئـەو سیاسـەتە نەرمـە بـوو کـە حکومـەت گرتیەبـەر کـە جەنابـی سـەرۆکی حکومـەت سـەرۆکایەتی کـرد، وێـڕای هەوڵـدان بـۆ دۆزینـەوەی دەرچەیەکـی دروسـت و سـەرەتاکانی بـە ئامادەیـی هەرێمـی کوردسـتان بـۆ مامەڵەکـردن بـە شـێوازی گفتوگـۆ دەسـتی پێکـرد، ئـەوەش سیاسـەتی نـەرم بـوو، کـە لەلایـەن هەمـوو دنیـا پشـتگیری لـێ کـرا، ئـەوە بـووە دەسـتپێکێك و هەنگاوەکانی حکومـەت لـە رێکخسـتنەوەی بـاری دارایـی و دابینکـردن و باشـترکردنی مووچـە و دواجـار لابردنـی پاشـەکەوتی مووچـە و باشـترکردنی بژێـوی هاووڵاتییـان، ئەوانـە کۆمەڵـێ خاڵـی گەشـن، ئەگـەر نەفەسـدرێژی و مرونەتـی نێچیرڤـان بارزانـی نەبووایـە، وڵات زۆر بـە ئەسـتەم لـەم قەیرانـە دەربـاز دەبـوو و لەوانەیـە قەیرانـی لـەوە گەورەتـری بـەدوای خۆیـدا بهێنایـە،

نێچیرڤـان بارزانـی وەك سـەرۆکی حکومەتـی پێشـوو و سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە ئێسـتادا بـووە کلیلی کردنـەوەی ئـەو دەرگا داخراوانـەی کـە بـە هەوڵێکـی زۆر گـەورەی حکومەتـی عێراقـی و پاڵپشـتیکردنی چەندیـن لایەنـی ناوخۆیـی و دەرەکـی وەك گوشـاری سیاسـی لەسـەر هەرێـم دانـران. ئەگـەر رۆڵ و هەوڵەکانـی دەوڵەتمـەدار نێچیرڤـان بارزانـی نەبووایـە، بـە هیـچ شـێوەیەك ئـەو دیپلۆماسـییە گـرژ و ئاڵـۆزە دەرگای بـۆ نەدەکرایـەوە. نێچیرڤـان بارزانـی وەکـو کەسـایەتی خـۆی و پێگـە بەهێزەکـەی لەنـاو پارتـی و پشتئەسـتوور بـە حزبێکـی گـەورەی وەکـو پارتـی و بـە پاڵپشـتی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی لـە تێپەڕاندنـی ئەزمـەکان زۆر سـەرکەوتوو بـوو. ئـەو سیاسـەتە نـەرم و سـەردەمییانەی نێچیرڤـان بارزانـی لای هاووڵاتـی و کۆمەڵگـەی جیهانـی جێـی پەسـند بـووە، هەروەهـا وەکـو ئەزموونێکـی تـازە لـە مامەڵەکـردن لـە رۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا سـەیری کارنامـەی ئـەو دەوڵەتمـەدارە دەکرێت، کە توانی ئەو پیلانانە پووچەڵ بکاتەوە کە ئامانجـی سـەرەکییان نەهێشـتنی قـەوارەی سیاسـیی هەرێمـی کوردسـتان بـوو.

پـاش ئـەوەی لـە شـوباتی ٢٠١٦، بەهـۆی قەیرانـی داراییەوە، بڕیاری پاشەکەوتی مووچە درا، رۆژی ٨ی ٣ی ٢٠١٩ ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان، بڕیاری هەڵگرتنی سیستەمی پاشەکەوتی مووچەی دەرکـرد کـە هـاوکات بـوو لەگـەڵ رۆژی جیهانـی ئافرەتـان.

ئـەم بڕیـارەی حکومەتـی هەرێـم هەمـوو فەرمانبەرانـی کوردسـتانی دڵخـۆش کـرد، بەتایبەتـی ئافرەتـان کـە خەمـی گەورەیـان پـەروەردەی منـداڵ و دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی خێزانـە، لابردنـی پاشـەکەوتی مووچـە بەرهەمـی سیاسـەتی حەکیمانـەی جەنابـی سـەرۆك بارزانـی و دیپلۆماسـیەتی نـەرم و کارامـەی نێچیرڤـان بارزانـی بـووە، ئـەو شـانازییەش تەنیـا بـۆ ئەوانـە دەگەڕێتـەوە کـە خۆڕاگـر بـوون و بەرگرییـان لـە قـەوارەی دەسـتووریی هەرێمـی کوردسـتان کـرد و گەلەکۆمـە و ئابڵوقەکانیـان شـکاند و نەیانهێشـت کوردسـتان داگیـر بکرێتـەوە.

لـە ئێستاشـدا کـە مسرور بارزانـی وەك کەسایەتییەکی کاریزمـای سیاسـی و ئەمنیـی کـورد پۆسـتی سـەرۆك وەزیرانـی پـێ سـپێردراوە، هەمـووان بـەوە دڵخۆشـن کـە مسـرور بارزانـی چـۆن تیرۆریسـتانی داعشـی تێکشـکاند و سـەرکەوتوو بـوو، لـە بنبڕکردنـی گەندەڵـی و دابینکردنـی خۆشـگوزەرانی بـۆ هاونیشـتمانیانیش سـەرکەوتوو دەبێـت.



فەزیلە شۆڕش:

**بەڕێز نێچیرڤان بارزانی وەک هەمیشە پشتیوانێکی گەورە دەبن بۆ بەشداریی ئافرەت لە کاروباری سیاسی و زەمینەی زیاتر بۆ دروستبوونی ئافرەتی سەرکردە دەڕەخسێنن**



حەیات مەجید:

**پێویستە ئێمەی ئافرەتان بەرامبەر بەو هەڵوێست و کارە گەورانەی کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پێشکەشی چینی خانمانی کردووە، پێزانینمان هەبێت، سوپاسگوزاری ئەو گەورەمرۆڤە بین کە بەردەوام و لە هەموو بارودۆخێکدا پشتیوانی گەورەی دەستەبەری مافەکانی ئافرەت بوون**